KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 3:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چیدی به ناوی کوردایه تییه وه هه ڵمانمه خه ڵه تێنن!! ... هێمن ئه مین**

ته مه نێکه و وه کو ته وژمی با تێ ئه په ڕێ، به ژیان له گه ل چه ندان خۆزگه و به لاّم ئه فسووس ته نانه ت نه بینینی هاتنه دی هیچی.. بێ گومان هه ریه که له ئێمه گه ر بۆ ساتێکیش بێت له خۆی ئه پرسێ ئایا ئه و فاکته رانه چین که وا ده که ن نه ک ئێمه ش وه ک هاچه رخانمان له دنیای پێشکه وتووی سه ده ی بیست و یه ک پێشبکه وین به ڵکو ڕۆژ دواى ڕۆژ له دواکه وتن دواى دواکه وتنداین!!که ته نانه ت ئه وانه ش نزیکن له ده سه ڵاتی کوردی و نانیان له ڕۆندایه به بۆنه ی ئه و هه موو ڕاو و ڕووته ی که ده کرێت و له ژێر ناوی حیزبایه تی و ته نانه ت به رگریشیان لێ ده کرێت نکوڵی له م ڕاستییه ناکه ن.

کاتێک خه بات دژی داگیرکاری به عس له گۆڕێ بوو میلله ت و شه هیده کان یه که م قوربانی بوون و ئه مرۆشی له گه ڵدا بێت هه ر به هه مان جۆره و له مێژیشه گوتراوه که دنیا یا بێعار ئه یخوات یان زۆردار!ئه وساش هه ر له شاخ خیانه ت له دڵسۆزان ئه کراو چه ندان پێشمه رگه ی دڵسۆز له پشته وه خه نجه ری ژه هراوی لێ ئه دراو ئه وانه ش که بازرگان بوون هه ر مانه وه و ته نانه ت به هه ڤاڵی خه باتکاریش ناو ئه برێن.

ئه گه ر هه ق کێشانه بووایه، یان بیریان له حه یا و ویژدان بکردایه ته وه هه ر ئه بوو خۆیان سه ری خۆیان بۆ شوێنێک هه ڵگرتایه که س شوێنی نه زانینایه..

باوه ڕ ناکه م لای هیچ کوردێکی وشیارو تێگه یشتوو ئه وه بشاردرێته وه که زنجیره ی ئه و هه موو ماڵوێرانی و خیانه ت و به دبه ختیه ی ئه و بازرگانانه به سه ر میلله ته که مانیان هێناوه و هه ر له کوشتنی تاکی لاوی کورده وه تا ئه شکه نجه دان و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و دزی داهات و پاروی هاوڵاتی و بێ حورمه تی نوواندن و ئه تک کردنی کیژانی کورد و به هه ده ردانی پاره و سامانی میلله ت له ویست و کۆشک و حه زه کانی خۆیان و کپ کردنی ده نگه ئازاده کان و کاول کردنی بن خانی میلله ت و به هه ژار کردن و زه لیل کردنی هاوڵاتی و ئیهانه کردن وڕفاندنی ڕۆژنامه نووسانی ئازادو لێدانیان و گرتن و کوشتنی بێ دادگایی و ئیتر چی تر ماوه بیلێم؟؟هه موو ئه و شته قێزه ونانه ی که له فه رهه نگی مرۆڤایه تیدا نه فره ت لێ کراوه و له جیهانی هاوچه رخماندا باوی نه ماوه و له گۆڕ نراوه...

حیزبه کانی ده سه ڵات، ژه نراڵه کانی جه نگه فاشیله کان، کلاّش خوێناویه کان له گه ڵ پۆستاڵه خوێناویه کاندا جیاوازییان چییه؟ئه و نه هامه تیانه ی به سه ر میلله ته که مانیان هیناوه له 17 ساڵی ڕابردووی تاوانکارییان جیاوازی چییه له و نه هامه تیانه ی که به عس له 35 ساڵی ده سه ڵاتیدا به سه ر ئێمه ی هێنا؟

شوێنکه وتووان و به رژه وه ندی خوازانی حیزبه کانی ده سه ڵات وا ئه زانن چیدی خه ڵک به ده هۆڵی ئه وان هه ڵده په ڕێ و به درۆ شاخداره کانیان بڕوا ئه کات.. به ناوی کوردایه تییه وه ئه یانه وێت چاوبه ستمان لێ بکه ن و به ده ردی ئه و نه عامانه مان ببه ن که سه ر ئه خه نه بن خۆڵ و وا ئه زانن دنیا وه ک ئه وان نابینایه. ته نانه ت بازرگانی به سه ر ناوی ئه و شه هیدانه وه ئه که ن که له

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژێر زوڵمی بە عسا ولە پێناوی سە ربە رزی هاولاتی گیانیان لە دە ست دا و ئێستا موچە و پارچە زە وییان بە ناوە وە وە رئە گرن.

ئێستا جیهانی سە تە لایت و تە کنە لوژیای مۆبایل و ئینتە رنێتە و هیچ لە کە س ناشاردرێتە وە لە مپە ڕ بۆ ئە وپە ڕی جیهان لە چرکە یە کدا هە واڵێک وە کو بروسکە جە رگی ستە مکاران دە بڕێت. ئە وانیش تازە ئە یانە وێت لە ڕیزی ڕە فیق حیزبییە کانیاندا ڕاوە ستین و چە پڵە یان بۆ لێدە ین و لە هە موو بۆنە و خۆش و ناخۆشییە کدا لە گە ڵ خۆیاندا ڕاپێچمان بدە ن وبە ئاگری خۆیان بە ناوی کوردایە تییە وە هە ڵمانخە ڵە تێنن و لە مێژە پێشینانمان فە رموویانە:کێ ئە یکاو کێ ئە یخوا؟

بە دڵنیاییە وە ئە م زە مە نە ش کۆتایی دێت و ڕۆژان ڕۆژیان لە دوا دێت و دنیاش هە روا ڕۆشن نابێت بۆ جە للادو سبە ی دە بێت هە موو ئە و قە رزانە بە زیادە وە بدە نە وە کە ئە مڕۆ وە کو سە رانە و باج لە سە ر میللە تیان چە سپاندووە و خۆیان خستووە تە سە نگە ری دژی میللە تە وە و تە نانە ت حساب بۆ ڕای گشتی و داب و نە رێت و پیاوە تیش ناکە ن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.